زنجیرەی بیاننامە - 80 -

جهيمان العتيبي

نوسینی:

احسان برهان الدين

سلێمانی— 2018

زنجیرەی بیاناسە ٨٠- جهیمان العتیبي

ناوی (جهیمان بن محمد بن سیف العتیبي) ە، لە ١٦ ی سبتمبر
ساڵی ١٩٣٦ بەرانبەر ١ ی رجب ساڵی (١٣٥٥) کۆچی لە دایکبووە، بۆ
ماوەی هەژدە ساڵ لە دامزراوەی (الحرس الوطني) لە سعودیە
فەرمانبەر بووە و بە دیاری کراویش شۆفێری تەنکەری ئاو
بووە، ئەوەی کە باس ئەکرێت سەبارەت بە خوێندنی جوهەیمان
ئەوەیە تاکو چواری سەرەتایی خویندووە، بەڵام دواتر لە قۆناغێکی
تری تەمەنیدا درێژەی بە خوێندن داوە لە دەزگایەکی زانستی سەر
بە (الجامعة الاسلامیة) لە شاری مەدینە، ئەگەرچی بەهۆی
ناڕازیبوونی لەو مەنهەجانەی دەوترانەوە خوێندنی تەواو
نەکردووەو هیچ بڕوانامەیەکی بەدەست نەهێناوە، لەوێ لەگەڵ
کەسێکدا بە ناوی (محمد بن عبد الله القحطاني) کە یەکێك بوو
لە قوتابیەکانی شێخ (عبد الله بن عبد العزیز بن باز) دەبێتە هاوڕێ
و بە هۆی نزیکبوونیان لە یەکتر لە ڕووی فیکر و بیروباوەڕەوە،
پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوانیاندا درووست دەبێت و قەحتانی
خوشکێکی خۆی لە جوهەیمان مارە دەکات وهاوڕێتیەکەشیان
دەبێتە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی هەردوکیاندا.

شایانی باسە باوکی جوهەیمان لە گەڵ کومەڵی (إخوان من
أطاع الله) وهۆزەکاندا بەشداری چەندین جەنگ و غەزای کردبوو
لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، لەوانە جەنگی (سبلة) کە لە
دژی شا (عبدالعزیز ال سعود) پێی هەڵسابوون و لەو جەنگەدا

هەرچەند دەڵێن كوژراوە بەڵام ڕاست ئەوەیە كە نەكوژراوەو جوهەیمانیش زۆر جار وەكو دەڵێن شانازی بەو جەنگانەی باوكییەوە دەكرد.

– جوهەیمان كەسێكی دڵسۆز بوو بۆ بانگەوازەكەی ،خاوەن كەسایەتییەكی خۆشەویست بوو لەلای خەڵكی، باوەڕی تەواوی بەو بنەماو بنچینانەی خۆی هەبوو لە بیروباوەڕدا كە بانگەشەی بۆ دەكرد، بەردەوام لە ڕێگەی نووسین و وانە و گەڕان بە دەڤەرەكاندا بۆ بانگەواز وفەرمان بە چاكەو نەهی لە خراپە و بڵاوكردنەوەی نامیلكە خەریك بوو هۆشیاری بە خەڵكی دەدا، بە بێ ترس ڕەخنەكانی ئاڕاستەی حكومەتی سعودیەش دەكرد، بەڵام حكومەتی سعودیەی تەكفیر نەدەكرد.

– جوهەیمان لە سەرەتای شەستەكانەوە كۆمەڵەیەكی درووست كرد بە ناوی (الجماعة السلفية) و یەكەم بنكەشیان ماڵێك بوو لە شاری مەدینە بە كرێ گرتیان ویەكەم كەس لە زانایان پەیوەندییان لە گەڵ (ابن باز) پەیدا كرد كە ئەو كاتە ئەو جێگری سەرۆك زانكۆی (الجامعة الاسلامية) بوو لە مەدینە و داوایان لێ كرد ئامۆژگاریان بكات و مامۆستا و ڕێپیشاندەریان بێت لە كارەكانیان، بۆیە (ابن باز) سەردانی دەكردن و لەوێ هەندێ جار موحازەرەی پێشكەش دەكرد و كرێی ماڵەكەشی جاروبار بۆ دابین دەكردن، بەڵام شایانی باسە كۆمەڵەكەیان وەكو حیزب و كۆبوونەوەیەكی سیاسی نەبوو، چونكە جوهەیمان باوەڕی بەو جۆرە كۆبوونەوانە نەبوو، بەڵكو تەنها بۆ بانگەواز و گرنگیدان بوو بە یەكخوا پەرستی

و دژایەتی بیدعەو هەر کارێکی ناشەرعی لە ناو خەڵکیدا، هەموو ئەوانەش لەو کۆمەڵەدا بوون بەبێ بەرانبەر کاریان دەکرد و زۆر جار بە یارمەتی ئەندامان و هەندی لەو زانایانەی سەردانیان دەکردن، یان لە ڕێگەی فرۆشتنی ماڵ و کێڵگەکانی خۆیان خەرجی ئیشەکانیان دابین دەکرد.

– پێش دروستبوونی ئەو کۆمەڵەی جوهەیمان (الجماعة السلفية المحتسبة) هەندێ ئاژاوە لە شاری مەدینە دروستبوو بوو بە هۆی ئەو گەنجانەوە کە بە دارو تێڵا کەوتبوونە شکاندنی ئەو پەیکەرانەی دوکاندارەکان لەبەردەم دوکانەکانیاندا لە مەدینە دایانابوو بۆ نمایش کردنی جلی ئافرەت و ئەو ئەوەیان بە حەرام دەزانی و بە زۆر پێیان لادەبردن یان دەیان شکاند، ئەمەو چەند ڕووداویکی هاوشێوەی تر کاردانەوەو کەش و هەوایەکی گرژی لە شار درووست کردبوو.

– هەر لەو سالانەدا لە نێوان ١٩٦٠ بۆ ١٩٦٤ شێخ (محمد ناصرالدين الالباني) ش لە زانکۆی (الجامعة الاسلامية) لە شاری مەدینە گرێبەستێکی کردبوو پەیوەندیشی لەگەڵ جوهەیمان هەبوو، بەڵکو کاریگەریشی لەسەر خۆی و هاوەڵەکانی هەبوو کە ئەوان بە شێوەیەکی زۆر گرنگییان بە فەرموودەو وردبوونەوە لە زنجیرەی سەنەد و عیلەل و قەلاچۆکردنی بیدعە دەدا. جگە لە ئەڵبانی بە هەمان شێوە شێخ (مقبل هادي الوادعي) پەیوەندییەکی تۆکمەی لە گەڵ ئەوان هەبوو، وەکو خۆیشی دەڵێت مامۆستا و موفتی ئەوان بوو، بەڵام دواتر لە کتێبی (المخرج من الفتنە)

ڕەخنەی لە داگیرکردنیان بۆ حەرەم گرت و هاوکات ڕەخنەشی لە شێوازی مامەڵەی ڕژێمی سعودیە بەرانبەر ئەوان گرت.

– ئەو کۆمەڵەی جوهەیمان درووستی کرد لە سەرەتا تەنها شەش کەس بوون خۆی و (سلیمان الشتیوي ، سعد التمیمي ، ناصر بن حسین) کەسێکی تریش کە یەمەنی بوو هەر زوو وەفاتی کرد و ئەندامێکی تریشیان دواتر بە تۆمەتی ڕاکێشانی ئەو کۆمەڵە و گۆڕینی ئاڕاستەیان بەرەو کۆمەڵەی (الاخوان المسلمین) ی میسر لە جەماعەتەکە دوور خرایەوەو فەسڵ کرا، ئەم شەش کەسە سەردانی (ابن باز) یان کرد و نیازی خۆیان بۆ خستە ڕوو کە دەیانەوێت بانگەواز بکەن و دژایەتی بیدعە بکەن و لە کەسیش چاوەڕوانی هیچ چاکەو پاداشتێک نین لە خوای گەورە نەبێت، بۆیە (ابن باز) وێڕای ڕازی بوونی لەسەر پیکهینانی کۆمەڵەکەیان پێشنیاریشی کرد ناوەکە لە (الجماعة السلفیة) وە بگۆڕن بۆ (الجماعة السلفیة المحتسبة) و ئەوانیش گوێڕایەڵییان بۆ ئەو پێشنیارە نیشاندا و ناوەکەیان گۆڕی، لە دوای ئەوەش هەرچی بڵاوکراوەکانیان هەیە چاپیان نەدەکرد تاکو ابن باز سەرەتا نەبینێت و هەرتێبینیەکیشی هەبوایە دەیانخستە سەر بڵاوکراوەکە.

– جوهەیمان و جەماعەتەکەی لە زۆرێك لە بیروباوەڕەکانیاندا لە زانایانی سعودیە جیاواز نەبوون، بە تایبەتی لە پرسەکانی عەقیدە وەکو یەکخوا پەرستی و ئیمان و دژایەتی بیدعە و بیدعەکاران و زۆر شتی تر، بۆیە زانایان ئامادەی کۆڕو وانەو کۆبوونەوەکانیان دەبوون

وەکو (ابن باز و أبو بکر الجزائري) و زۆر زانای تر، بەڵام لە دوو مەسەلەدا لە زانایانی سعودیە جیا دەبوونەوە:

یەکەم: لە مەسەلەی پشتگیری کردنیان بۆ ڕژێمی سعودیە و فەرمان نەکردیان بە چاکەو نەهی نەکردنیان لە خراپەکانی ڕژێم.

دووەم: سەبارەت بە مەسەلەی دەرکەوتنی فیتنە و نیشانەکانی قیامەت و بە تایبەتیش دەرکەوتنی مەهدی جوهەیمان و کۆمەڵەکەی پێیان وابوو نیشانەکانی قیامەت نزیك بوونەتەوە و مەهدی کاتی دەرکەوتنی هاتووە.

– جوهەیمان و کۆمەڵەکەی زۆر بە ئازایی و بوێرانە (أمر بالمعروف و نهي عن المنکر) یان ئەنجام دەدا، تەنانەت وێنەکانی پادشای سعودیەیان لەسەر دراوی ڕیاڵ دەسڕییەوەو دەیانشێوان و ئەو مەسەلە لەو کاتە بوو بووە باسی خەڵکی و دوو ڕاو بۆچوونیان لە ناو خەڵکیدا درووست کردبوو کە هەندێك لە زانایان دەیان وت هەبوونی ئەو وێنە لەسەر دراوەکان ئاساییە ودروستە، چونکە (تعظیم) ناکرێت، بەڵام لە ناو خەڵکیدا بۆچوونیکی تری پێچەوانەش هەبوو.

– هاوکات جوهەیمان وجەماعەتەکەی هەندێ جار تیگەیشتنی نامۆیان بۆ ئیسلام هەبوو، کە لەگەڵ زانایان ولە گەڵ تێگەیشتنی خەڵکیشدا نەدەگونجان، بە ڕواڵەتی فەرموودەکان کاریان دەکرد و

بایەخی زۆریان بۆ هیچ قسەیەک دانەدەنا ئەگەر بە ڕوونی بەڵگەی کتاب و سوننەتی لەسەر نەبوایە، تەنانەت وەکو دەگێڕنەوە خودی جوهەیمان لە کتیبخانەکەی خۆیدا جگە لە (المحلی) ی ابن حزم کتێبی تری فیقهی نەبووە، چونکە باوەری تەواویان بە فەرموودەکان هەبوو وەکو خۆی جێبەجی بکرێت، لەوانە زۆر جار ئەبینران بە پێ خاوسی ڕێیان دەکرد وەکو جێبەجێکردنی سوننەت، لە ناو مزگەوتەکانیشدا دەبینران بەسەر فەرشەکانەوە بە نەعل نویژیان دەکرد بۆ هەمان مەبەست، بەشداری وانەی زانایانیان دەکرد و داوای بەڵگەی قورئان و سوننەتیان لە هەموو قسەکانیان دەکرد، هەر بیدعەیەکیان ببینیایە نکۆڵییان لێ دەکرد و بە دەست دەیانگۆری، یان بە بێ ترس و شەرم دەیانوت ئەوە بیدعەیە.

– لە لایەکی تریشەوە ڕۆژ لە ڕۆژ دەسەڵاتدارانی سعودیە زیاتر بەوان قەڵس و بێزار دەبوون و هەواڵیان پێدەگەشت کە جوهەیمان و کۆمەڵەکەی خەریکە دەبنە سەرچاوەیەکی پشێوی بۆ ڕژێم و لە بیروڕای خەڵکیدا گۆڕانکاری جەوهەری درووست دەکەن، تەنانەت جارێکیان – وەکو شێخ مقبل لە کتیبی المخرج من الفتنة دەڵێت – هەندێکی لە زانایان تۆمەتبار کرد بەوەی زانیارییان دەربارەیان داوەتە دەسەڵات وسیخوڕیان بەسەریانەوە کردووە، کە لەو تۆمەتەدا مەبەستیان (أبو بكر الجزائري) بوو، دواتریش لە پاش دانیشتنێکی نێوان أبو بكر الجزائري و جهیمان لە سەربانی ئەو ماڵەی لە مەدینە کردبوویانە بنکە گرژی لە نێوانیاندا درووست بوو و پەیوەندییان پچڕا لە دوای ئەو دانیشتنەوە کە بە (حادثة السطح) ناسرا.

– لەو کاتەوە لەسەرەتاو ناوەڕاستی شەستەکانەوە تاکو سەرەتای حەفتاکان جوهەیمان بە چەند گۆڕانکارییەکی بیروبۆچووندا تێپەڕی و ناکۆکی کەوتە نێوان خۆی و هەندی لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکەی، لە ساڵی ١٩٧٣ لە وەزیفەی حکومەت دەستی کێشایەوە چونکە ئەو پێی وابوو خۆی و هاوەڵانی لە وەزیفەی حکومەت نەبن باشترە بۆ ئەوەی بتوانن قسەی حەق بکەن و ئەو مووچەی کە لە دەسەڵات وەریدەگرن ڕێگرە لە وتنی حەق و کۆمەڵە ناکۆکییەکی تریش کەوتە نێوانیان، بەڵام بەهەر حاڵ جوهەیمان هەر بەردەوام بوو لە بانگەواز و وانە وتنەوە لە مزگەوتەکانی مەدینە و دەشتەکانی دەوروبەری و تەعبیر کردنی خەو (کە گرنگییەکی زۆریان بە مەسەلەی خەو دەدا) و، نووسینی نامیلکە و دوا جار تا ڕادەیەك جۆرێك لە ڕۆچوونی پیوە بەدی کرا لە مەسەلەی نیشانەکانی قیامەت و فەرموودەکانی فیتنەو دەرکەوتنی مەهدی بە شیوەیەکی تایبەت.

– دەگێڕنەوە کە جوهەیمان خۆی لە وانە وتنەوە لە مزگەوتە گەورەکانی شارەکان بە دوور دەگرت و زیاتر لە مزگەوتە بچوکەکانی ناو مەدینە و ناوچەکانی بیابانی دەوروبەری مەدینە باسی ئیسلامی دە کرد و ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، بۆ هۆکاری ئەوەش هەندێ لە هاوڕێکانی جوهەیمان پاش جیابوونەوەیان لە ئەو دەیانوت بە هۆی ئەوە بووە دەشتەکی قسەی کردووە و لە دەربڕینی عەرەبی جوان و ڕاستو درووست شارەزا نەبووە چونکە لە دەشتی (ساجر) پەروەردە بوو بوو.

– جەماعەتەکەی جوهەیمان لە زیادبووندا بوون و شوێنکەوتوانیان لە هەموو شارەکانی سعودیە وەکو (مکة و ریاض و حائل والقصیم و دمام) زیادیان دەکرد و، بەڵکو پەل و پۆیان بۆ دەرەوەی سعودیەش دەهاوێشت وەکو وڵاتی کوەیت کە زۆریك لە بڵاوکراوەکانیان لەوێ چاپ دەکرا و دواتر لە سعودیە دابەش دەکران، جوهەیمان خۆیشی بە قاچاغ و نهێنی سەردانی کوەیتی دەکرد.

– مامەڵەی هەندێ لە شوێنکەوتوانی جوهەیمان زانایان و خەڵکی تورە دەکرد و سکاڵایان لێ دەکرا و لە حەفتاکان کاتێك ژمارەیان زیادی کرد زیاتر بوونە جێگەی بایەخ بە تایبەتی دوای ئەوەی هەندێك لەو گەنجانە بە نەعلەوە لە مزگەوتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نوێژیان دەکرد و وشەی (الصلاه خیر من النوم) یان لە بانگی یەکەمی بەیانیان دەوت و بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی وێنەکانی شا (خالد بن عبد العزیز) یان لەسەر دراوی ڕیال دەسڕییەوە یان دەیانشێواند، بەڵکو جوهەیمان بە هۆی ئەو ناشەرعییانەی لە ڕاگەیاندنی سعودیە دەیبینی وەکو دەرکەوتنی ئافرەت و هەندی ڕەخنەی تر کە لە دەسەڵات هەیبوو بەیعەتیشی بە شەرعی نەدەزانی بۆ ئەو دەسەڵاتە بێ ئەوەی تەکفیریان بکات،بەڵام لە نێو ڕیزی کۆمەڵەکەی کەسانی کاریگری تێدا بوو وەکو (فیصل الیامي) کە بە هۆی گرنگیدانی زۆری بە زانست بە (ابن تیمیة الصغیر) دەناسرا، ئاراستەی بەرەو تەکفیر کردنی ڕژێمی سعودیە بوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ لە کاتی هاتنی شێخ ئەلبانی بۆ حەج ئەوان لەسەر باسی تەکفیرکردنی دەسەڵاتداران دانشتنیکی سێ قۆڵییان ئەنجامدا، بەڵام جوهەیمان لە کۆتایی دانیشتنەکە ئەو کاسێتەی دەنگەکانی لەسەر تۆمار کرابوو لە ناویدا و ترسی

ئەوەی بوو ئاراستەو بۆچوونی فەیسەڵی هاوڕێی لە ناو ڕیزەکانی جەماعەتەکەی تەشەنە بکات.

– ئەوانەی جوهەیمانیان بینیوەو ناسیویانە بە کەسایەتییەکی کاریزما وەسفیان کردووە، کۆمەڵێک ئاکار و خەسڵەتی جوانی تێدابووە کە شوێنکەوتووانی زۆر پێوەی وابەستە بوونە، لەوانە ئەو کەسێکی سادە وڕوح سووك ولێبڕاو بووە بۆ بانگەوازەکەی، دوو ئۆتۆمبێلی (بیجۆ) و (سالۆن) ی هەبووە بەردەوام لە گەشت و سەردانی ناوچەکان و بەسەرکردنەوەی ئەندامان و وانە وتنە بووە لە شار و لە دەشت وناوچە بیابانییەکاندا، هەروەها زۆر ژیر و لێهاتوو و ئازا و بەخشندە بووە، بۆیە کەسانی نوێ بۆ پەیوەندی کردن بەو کۆمەڵەوە زۆر جار تەنها ناوبانگ و کەسایەتی جوهەیمان سەرنجی ڕادەکێشان و بە کارکردن لە گەڵ ئەو کۆمەڵە قایلی دەکردن.

– لە دەورو بەری ساڵی ۱۹۷۷ – بە پێی قسەی (ناصر الحزيمي) خاوەن کتیبی (أيام مع جهيمان) کە لەگەڵ خودی جوهەیمان بووە وزۆر لێیەوە نزیك بووەو پێش ڕووداوی حەرەم بە هۆی جیاوازی دیدو بۆچوون لێی جیا بووەتەوە ، ڕاپۆرتێکیان لەسەر نووسرا کە ئەندامانی ئەم کۆمەڵە لە شاری مەدینە و هەندێ جێگەی تر حەشارگەی چەکیان هەیە، هەر بۆیە شاڵاوێکی دەستگیر کردن لەناو جەماعەتەکەی جوهەیمان دەستی پێکرد و هەندێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە دەست گیر کران و جوهەیمانیش هەڵهات، شایانی باسە یەکێك لەوانەی دەستگیر

کران لەو کەیسە شێخ (مقبل بن هادي الوادعي) بووکە دوای سێ هەفتە لە دەستگیر کردنی ئازاد کرا و لە سعودیە دەرکرا بۆ وڵاتەکەی خۆی لە یەمەن، لە پاش ئەو هەڵهاتنە جارێکی تر جوهەیمان دەرنەکەوتنەوە تاکو لە ڕووداوی داگیرکردنی حەرەمدا لەوێ بینرا.

– لە ماوەی دیارنەمانیدا جوهەیمان بە شێویەوەکی ڕاشکاوانەتر دەستی کرد بە ڕاگەیاندنی بیروباوەڕو قەناعەتەکانی کۆمەڵەکەی و هەروها بەردەوامیش بوو لە بڵاو کردنەوەی هەندێك بڵاوکراوەو نامیلکە کە هەندێکیان لە کوەیت چاپ دەکران و بە ناوی جوهەیمان خۆی یان بە ناوی خوازراو لە ناو سعودیە دابەش دەکرا، لەوانە: (رسالة الالتباس) و (رسالة الفتن) و(الامارة والبيعة والطاعة و كشف الحكام) (الرسائل السبع) (الرسائل الاربع والسبع) ڕای خۆی بە ڕاشکاوی لە سەلەفییەکانی سعودیە و کۆمەڵەی ئەنساروسسوننە و ئیخوانی میسر دەربڕی و هەروەها باسی مەهدي و دەرکەوتنی نیشانە گەورەکانی قیامەتی تێدا بوو، بڵاوکراوەکان لە کوەیت چاپ دەکران و بە قاچاغ دەیانگەیاندە ناو شارەکانی سعودیە و بە هەزاران نوسخەی لە ناو حەرەم و شوێنەکانی تر لە ڕێگەی چالاکوانانی (الجماعة السلفية المحتسبة) دابەش دەکرایە سەر موسوڵمانانداْ، جارێکیش لە بازگەیەکی سنووریدا دەست بەسەر چواردە هەزار نوسخە لە یەکێك لەو بلاوکراوانەدا گیرا کە لە ناو پیکابێکدا لە ژێر بارێکی کا شاردبوویانەوە.

– بەڵام لەو کاتەدا کە دەوری دووساڵ پێش ڕوودانی رووداوی حەرەم بوو، (محمد بن عبد الله القحطاني) باسی کەوتبووە ناو باسەکانەوەو زۆری نەبرد قەحتانی وەکو مەهدی باس دەکرا و ئەمەش بووە مایەی دابەش بوونی جەماعەتەکەی جوهەیمان بۆ دوو کۆمەڵی ناکۆك؛ یەکێکیان باوەری بەوە بوو قەحتانی مەهدییەو کۆمەڵێکیان باوەری پێ نەبوو. سەیریش لەودا بوو خودی قەحتانی تاکو ماوەیەك باوەڕی بەوە نەبوو کە خۆی مەهدییەو پێی دەوتن لە خوا بترسن و وام پی مەڵێن، بەڵام جوهەیمانی هاوڕێی گیان بە گیانی و زاوای ئەوی بە مەهدی دەزانی، لەسەر ئەم باوەڕەش کۆمەڵیك لە جەماعەتەکەیان لێ جیا بوویەوە بەڵام زۆرینەیان لەسەر بۆچوونەکەی جوهەیمان بوون. لە هۆکارەکانی قەناعەتیشیان بە وەی قەحتانی مەهدییە ئەوە بوو، کەسانێکی زۆر لە سعودیە و لە وڵاتانەوە خەویان پێوە بینیبوو کە ئەو مەهدییە.

– وا دەردەکەوێت جوهەیمان و جەماعەتەکەی هەر لە سالی ١٩٧٨ ەوە(واتە ساڵیك پێش ڕووداوەکە) سەرقاڵی پلان داڕشتن بوونە بۆ داگیرکردنی حەرەمی مەککە بە مەبەستی بەیعەتدان بە مەهدی لە پەنای کەعبەدا، بۆیە ماوەیەك پێش سعاتی سفر ئەوان خواردن و خورمایان لە ژێر زەمینەکانی حەرەم هەڵگرتووە و سوودیان لە سووکی ئەو ڕێوشوێنانە وەرگرتووە لە دەروازەکانی حەرەمدا بووە و نەك تەنها خواردن و ئازووقە بەڵکو چەکیشیان حەشارداوە لە جێگەی تایبەتدا لەو ژێر زەمینانەدا.بۆ ڕۆژی دیاریکراویش چەکی پێویستیان لە ڕێگەی تابوتەکانەوە گواستبوویە ناو حەرەم گوایە ئەو تابوتانە تەرمی مردووەو بۆ نوێژ کردن

لەسەریان براونەتە ناو حەرەم، هەروەها توانیان تەنکەری ئاو و هەندی سەیارەی تری خزمەتگوزاری بۆ بردنە ژوورەوەی چەك و خورما بە کاربهێنن.

– یەکێك لە سەرانی ئەو کەسانەی کە لە مەسەلەی مەهدی هاوڕا نەبوون لە گەل جوهەیمان کە (أحمد المعلم) بوو،نامەیەکی بەپەلە نووسیبوو بۆ جوهەیمان تێیدا نکۆڵی کردبوو لەوەی محمد القحطاني مەهدی بێت و بە بەڵگەی فەرموودە بۆی سەلماندبوو کە پێش هاتنی مەهدی زۆر ڕوداوی تر ڕوودەدات کە تاکو ئەو کاتە هیچ لەو ڕووداوانە ڕوویان نەدابوو، نامەکە لە ڕۆژی ڕووداوەکە بە دەستی کەسێکدا گەیشتە حەرەم بەڵام کاتی ئەوە نەمابوو بە دەستی جوهەیمان بدرێت.

– لە بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی ساڵی ١٤٠٠ کۆچی بەرانبەر ٢٠ ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٧٩ کاتێك (محمد السبیّل) پێش نوێژی مزگەوتی حەرام سەلامی لە نوێژی بەیانی دایەوە، جوهەیمان و زیاتر لە ٢٠٠ لە شوێنکەوتوانی لە ناو مزگەوتەکەدا دابەش بوون و یەکسەر دەستیان بەسەر مایکرۆفۆنەکەی لای پێشنوێژەکەدا گرت و دەستیان کرد بە خویندنەوەی بەیاننامەکەیان دەربارەی دەرکەوتنی مەهدی و خویندنەوەی فەرموودەکان بە زنجیرەی سەنەدەکانیانەوە و وتیا ئەو مەهدییە ئێستا لەگەڵمانایە و داوایان لە موسوڵمانان کرد پاش کەمیکی تر بەیعەتی پی بدەن، بەڵام هەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەو بەیاننامە جوهەیمان مایکرۆفۆنەکەی لە (خالد اليامي) وەردەگرت و چەکدارەکانی بە ناویان بانگ دەکرد و

ئاڕاستەی دەکردن بچنە سەر منارەکان و دەروازەکانی حەرەم دابخەن، هەروەها پێی دەوتن وەکو لە تۆمارە دەنگییەکانی خۆیدا هاتووە: تەقە لە سەربازەکان مەکەن تاکو تەقەتان لێ نەکەن.

– خەڵکی تووشی ترس و سەرسوڕمان و حاڵەتێکی شپرزەیی بوون، هەر چۆنیك بێت، پاش خوێندنەوەی بە یاننەماکە، (محمد القحطاني) ڕووی کردە ئەو جێگەی کە لە فەرموودەکاندا هاتووە مەهدی بەیعەتی پێدەدرێت لە نێوان ڕوکن و مەقامدا، لەوێ ڕاوەستا و جوهەیمان و شووینکەوتوانی و زۆرێك لەو خەڵکەش بەیعەتیان پێ دەدا، دەنگی (الله أكبر) ی زۆرێك لە خەڵکیش بەو بۆنەوە بەرز بوویەوە.

– لە سعاتی یەکەمدا جەماعەتی جوهەیمان بەتەوای دەستیان بەسەر مزگەوتی حرام و هەموو بەرزاییەکانیدا گرت، لە پێکدادانێکیشدا لە نێوان چەکدارێکی جوهەیمان و سەربازێکدا لەیەکەم ساتەکانی هەڵمەتەکەدا یەکیك لە چەکدارەکان بە گوللەی پاسەوانێك کە بەر دەرگاکە کەوت و گەرایەوە بۆ چەکدارەکەو وکوشتی.

– لەم کاتەدا محمد سبەییلی پێشنوێژی حەرەم خۆی گەیاندە ژوورەکەی خۆی و لەوێوە دەسەڵاتدارانی لە بارودۆخەکە ئاگەدار کردەوەو توانی لە دەرگایەکەوە کە کۆنترۆڵ نەکرابوو خۆێ دەرباز بکات.

– سەرەتا دەسەڵاتداران نەیاتوانی لە ترسناکی و گەورەیی ڕووداوەکە باش تێبگەن و لە ڕۆژی یەکەم جۆرێك لە حەپەسان و ڕوون نەبوونی بەرنامە و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارەکانیان پێوە دیار بوو، بەڵام شازادە (فهد بن عبدالعزیز) کە جێنشینی شا خالیدی برای بوو، لەو ڕۆژدا لە لوتکەی عەرەبی بوو لە تونس و بە پەلە گەڕایەوە و مەلیك خالید یش هەر لەگەڵ دەستپێکردنی روداوەکە وەزیری ناوخۆ و وەزیری بەرگری بۆ مەککە نارد و ژوورێکی عەمەلیات یان لە ئوتێلێکی مەککە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ڕووداوەکە درووست کرد.

– چەکدارەکانی جوهەیمان دیار بوو مەشق و ڕاهێنانی پێویستیان بۆ ئەو جەنگە چاوەڕوان کراوە کردبوو، جوهەیمان یش بە شێوەیەکی مەیدانی سەرپەرشتی دۆخەکەی دەکرد، بۆیە بەو چەکە سووکانەی کە پێیان بوو، خۆڕاگری و ئازایەتییەکی زۆریان نیشاندا، هێزەکانی سوپا لە ڕۆژی یەکەم و دووەمدا تووشی شۆك بوون و سەرەڕای سوڕانەوەی فرۆکەکان بەسەر حەرەمداو هاتنی هێزێکی زۆر بۆ ئابلۆقەدانی حەرەم و بەکار هێنانی تانك و هەموو جۆرە چەکێك بۆ ئەو دۆخ و شوێنە هەستیارە بگونجێت بە کارهات، بەڵام بۆیان دەرکەوت پرسەکە لەوە گەورەترە بە ئاسانی و بەتەنها سعودیە خۆی کۆنترۆڵ بکرێتەوە،بۆیە یەکەم جار پەنایان بۆ (الحسین بن طلال) ی شای ئەردەن برد و ئەویش هیزی هێزێکی تایبەتی لە هێزەکانی (الصاعقة ٩١) ڕەوانە کرد بە سەرکردایەتی: (تحسین شکتم) بەڵام سەرەڕای ئەوەی هیچیان پێ نەکرا ژمارەیەکی زۆریشیان بەدەست چەکدارەکانی جوهەیمان لێ کوژرا.

– حکومەتی سعودیە زۆر مەبەستی بوو خۆی ئەو کێشەیە یەکلا بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی وناچار بوو پەنا بۆ هەندێوڵات وەکو ئەڵمانیا و ئەمریکا ببات و ئەوانیش ڕاهێنەرو ڕاوێژکاری بە ئەزموون و بە توانای خۆیان نارد بۆ یەکلا کردنەوەی پرسەکە، بەڵام چەکدارەکان سەرەڕای هەموو شتێك جێگیر بوون لە شوینەکانی خۆیاندا و بەو چەکە سووکانەوە خۆڕاگرییەکی زۆریان نیشاندا، ئەو کاتەش هێزەکانی سوپای سعودیە لە ڕێگەی پەرەشووتەوە دابەزاندنیانبە هێزێکی تایبەت کرد بۆ ناو حەرەم، ئەوان توانیان ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژن.

– لە ڕۆژی چوارەمی ڕووداوەکە لە نێو جەماعەتی جوهەیماندا ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا ئەوش کوژرانی (محمد بن عبد الله القحطاني) بوو کە سێ ڕۆژ پێش کوژرانی وەکو مەهدي بەیعەتی پێ درابوو، ئەمەش بەشێکی لەوانە کە ئاگەداری کووژرانەکە بوون تووشی شۆك کرد ، سەرەتا جوهەیمان باوەڕی نەکرد و وتی مەهدی نامرێت ئێستا و هێشتا ئەرکی زۆر ماوە ئەنجامی بدات، بەڵام کە لە کوژرانەکەی دڵنیا بوون، جوهەیمان – بە پێی هەندێ سەرچاوە – داوای کرد ئەو هەواڵە بڵاوەی پێ نەکرێت.

– لە ڕۆژانی داهاتوودا شەڕ لە نێوان چەکداران و ئەو هیزانەی ئابڵوقەی حەرەمیان دابوو بەردەوامی هەبوو، سوپایش داهێنانی ئەکرد لە بەکارهێنانی هەر ڕێگەیەك ببێتە مایەی ڕزگار کردنی مزگەوتەکە بە بێ وێران کردنی، غاز و دووکەڵ و ئاوو فرۆکەو تانك

و چەکی قورس و هەموو توانایەکی خۆیان بە بە کارهێنا و سەربازەکانیش بە هەمان شێوە ئازایی و نەبەردییەکی زۆریان نیشاندا بۆ ئازادکردنی حەرم لە دەستی ئەوان، بەڵام چەکدارەکان و ئەو خەڵکەی لە ناو حەرەمدا گیریان خوارد بوو هەر مانەوە بەڵام توانای جەماعەتی جوهەیمان لە کەم بوونەوەدا بوو، فیشەك و ئازووقەو ئاوو خورما بەرەو تەواو بوون دەچوو، بۆنی کوژراوو و بریندارەکانیش لە ناو حەرەمدا لە گەڵ بۆنی دووکەڵ و غاز و باروتدا تێکەڵ بە یەکتر بوون.

– دوای چەند ڕۆژێك جوهەیمان بڕیاریدا هەرچی مناڵ و ئافرەت هەیە ڕێگە بدرێن دەربچن لە حەرەم و بۆ ئەو مەبەستەش دەرگایەکیان کردەوەو ئەوان دەرچوون شایانی باسە هەندیك لە چەکدارەکانی جوهەیمان ژن و منالّیشیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، ڕەنگە هۆکاری ئەم هەنگاوەش نەمانی خوارد وئاو بێت.

– لە ڕۆژی چوارەمی دەست بەسەراگرتنی حەرەم واتە لە ٢٣ ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ سەرەڕای ئەو بەیانامانەی حکومەتی سعودیە دەری دەکرد کە حەرەم لە ژێر کۆنترۆڵدایە، بەڵام هەموو جیهان دەیانزانی کە دۆخەکە یەکلایی نەکراوەتەوە بە تەواوی و چەکدارەکان هێشتا حەرەمیان لە ژێر دەستدایە، هەر لەو ڕۆژەدا مەلیك خالید گەورە زانایانی سعودیەی کۆکردەوەو ئەوانیش فەتوای ئەوەیان دەرکرد کە ئەمانە خوارج ن و خروجیان کردووە و حەرەم کە جێگەیەکە خوای گەورە شەڕو کوشتاری تێدا قەدەغە کردووە ئەوان پشێوی و ترس و کوشتاریان تێدا ناوەتەوە بۆیە

دروستە جەنگیان لە دژ بکرێت و بکوژرێن، فەتواکە لە زیاتر لە سی کەس لە گەورە زانایانی سعودیەوە دەرکرا کە (ابن باز) لە نێویاندا بوو.

– لە ڕۆژی نۆیەمی ڕووداوەکە هێزەکانی سعودیە بە تانك و زریپۆش و چەکدارەکانەوە توانیان کەلێنێك بۆ ناو حەرەم درووست بکەن و بچنە ناو مزگەوتەکەوە، بەڵام زۆربەی چەکدارەکان لە نهۆمەکانی خوارەی حەرەم هەر مابوون و لە ژێر زەمینەکانەوە بەرگرییان دەکرد و بەو پێیەش ئەگەر چی حکومەت ئەو وێنانەی لە ناو حەرەمەوە بڵاو دەکردەوە وەکو بەڵگە لەسەر تەواو بوونی کێشەکە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەکە هێشتا یەکلا نەکرابوویەوەو ئەوان سەرەڕای نەمانی ئازووقە و ئاو و کەم بوونەوەی چەك و تەقەمەنی، ئەوان هێشتا توانای شەڕکردنیان هەر مابوو، بەڵام جەنگەکەیان بۆ نهۆمەکانی خوارەوەی حەرەم گواستبوویەوە.

– هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بە هۆی ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانەوە جیهان هەمووی لەو ڕووداوە ئاگەدار بوون و بە ئەو پەڕی بایەخەوە چاودێری دۆخەکە دەکرا، بەڵام دەرکردنی حەرەم لە ژێر دەستی چەکدارەکان کارێکی زۆر قورس بوو، چونکە سوپای سعودیە مەبەستی بوو کە بە کەمترین ڕێژەی وێران کردن لە حەرەمدا پرسەکە کۆتایی پێ بێت، هەر بۆیە پاش ئەوەی هێزەکانی ئوردون و ڕاهینەران و مەشق پێکەرانی ئەڵمانیا و ئەمریکا نەیانتوانی بە تەواوەتی کێشەکە بنەبڕ بکەن، ناچار سەرانی حکومەتی سعودیە پەیوەندییان بە (جیسکار دیستان) ی سەرۆکی

فەرەنسا کرد و داوای یارمەتییان لێکرد، ئەویش هەڵسا بەناردنی تیمێکی زۆر تایبەتی سەر بە یەکەی هێزەکانی نیشتمانی فەرەنسی GIGN و ئەوانیش لە جوددە مەشقیان بەشەست ئەفسەری سعودیە کرد لە سەر بە کار هێنانی گازێکی لە هۆشبەر ودوا جار و لە کۆتا شاڵاوی سوپادا بۆ سەر چەکدارەکان لە ڕۆژی سیانزیەمی ڕووداوەکان دەستی پێکرد و دوو ڕۆژی خایاند و بە یارمەتی ئەو گازە لە هۆشبەرە و چەکەکانی تر،هەموویان دەستگیر کران و جوهەیمانیش پاش تەواو بوونی چەك و زەخیرەیان بە تەواوەتی ، خۆ بەدەستەوەدانی خۆی و چەکدارەکانی ڕاگەیاند ودوای پانزە ڕۆژ دەست بەسەراگرتنی حەرەمی مەککە هێزەکانی سعودیە توانیان لێیانی وەربگرنەوە.

– جوهەیمان و هاوەڵەکانی دەستگیر کران و خودی جوهەیمان بۆ ئوتێلێك گواسترایەوەو پەیامنێرەکانی جیهان وینەیان گرت و دوای ماوەیەك دادگایی کردنی هەموو بەشداربووانی ڕووداوەکە دەستی پیکرد و جوهەیمان و شەست کەس لە هاوڕێکانی فەرمانی کوشتنیان بۆ دەرچوو و بە شمشێر لە گەردنیان دراو ئەوانی تریش لە هەتا هەتایی بۆ ماوەی جیاواز حوکمی زیندانی دران.

– دەرنجامە فەرمییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە زیانەکان بەم شێوە بوونە:

١٢٧ کوژراو لە سەربازەکانی سوپای سعودیە، ١١٧ کوژراو لە چەکدارەکانی جوهەیمان، ٢٦ کوژراو لە حاجییەکان کە لە ناو حەرەمدا بوون لە کاتی داگیرکردنەکە، جگە لە ٤٥٠ بریندار لە ڕیزی سوپا..بەڵام چاودێرەکان و ئەوانەی لەو کاتە ئامادەی ڕووداوەکان بوونە باسی ژمارەی زۆر لەمە زیاتر دەکەن.

لە کۆتاییشدا دوای گەڕان و خویندنەوەو وگوێگرتنی زۆرم لەسەر جوهەیمان و جەماعەتەکەی و ڕووداوەکە بەوە گەیشتم کە:

١- جوهەیمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی سەیفی عوتەیبی، گەنجێکی موسوڵمانی وابەستە بووە بە مەنهەجی ئەهلی سوننەتەوە، لە دەشتی ناوچەی (ساجر) ی لای شاری ڕیاز پەروەردە بووەو بە شێوەزاری بەدەوی ئەوان قسەی کردووە، گرنگی زۆری بە زانستی فەرموودە داوە بە تایبەت مەسەلەی وردبوونەوە لە سەنەد وحاڵی گێڕەرەوەکان و مەسەلەی عیلەل، ئەمەش – دواتر – ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر شوێنکەوتوانی هەبووە، لەسەر ئەم بنەمایەش پەیوەندی تۆکمەی لە گەڵ زانا ناودارەکان هەبوو بەتایبەتی ئیبنو باز و ئەلبانی، هەروەها لە گەڵ (مقبل بن هادي الوادعي) یەمەنی.

٢- لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم لە گەڵ پێنج کەسی تردا هەڵساون بە درووست کردنی کۆمەڵەیەکی سەلەفی لەسەر ئەو بنەماو بنچینانەی کە باوەڕیان پێی بووە و جیاوازیشی نەبووە لە گەڵ بیروباوەڕی زانایانی ئەو سەردەمە کە لە شاری مەدینە بوونە وەکو: (ابن باز،الالباني، مقبل الوادعي، أبو بكر الجزائري....) ابن باز

ناوی کۆمەڵەکەیانی لە (الجماعة السلفية) وە بۆ (الجماعة السلفية المحتسبة) گۆڕیوە، بە شایەتی شێخ مقبل الوادعي لە پاش لە ناوچوونی جوهەیمان و شوێنکەوتوانی لە کتێبی(المخرج من الفتنة) سەرەڕای ئەوەی وتوویەتی ئەوان لە ڕووداوی حەرەم هەڵە بوونە بەڵام دانی بەوەدا ناوە کە ئەوان کاریگەری زۆر باشیان بووە لەسەر موسوڵمانانی سعودیە و وڵاتانی تریش وەکو میسر و سودان و کوەیت و شوێنەواریان لە بانگەوازدا نکۆڵی لێ ناکرێت.

٣- جوهەیمان و جەماعەتەکەی بە چەند قۆناغێکدا لە تێگەیشتنی دەقەکان تێپەڕ بوونە، بۆیە چەندین کەسی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵە لەسەر بنەمای گۆڕانکارییە فیکریەکانی جوهەیمان لە کۆمەڵەکە دوور کەوتوونەتەوە، بۆ نموونە دوای تیکچوونی پەیوەندی جوهەیمان و ئەبو بەکری جەزائری ژمارەیەك لە هاوڕێکانی جوهەیمان ئەو جەماعەتەیان بەجێهێشت و شوێن جەزائری کەوتن لەوانە:(سليمان الشتيوي) کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵە، هەروەها (فيصل اليامي) بە هەمان شێوە لە ڕووی فیکرییەوە لەگەڵ جوهەیمان ناکۆکی کەوتە نێوانیان بەڵام وەکو هاوڕێتی و برایەتی ئەو جوهەیمانی بە جێ نەهێشت و تاکو مردن لە گەڵیدا بوو، پێویستە ئەوەش بوترێت هێڵە پانەکە هەمیشە زۆرینە بووەو بەتەواوەتی وابەستەی ئاراستەو تێگەیشتنی جوهەیمان خۆی بوونە.

٤- ئەم کۆمەڵە و سەرکردکەشیان، بە کرێگرتەی هیچ لایەنێك نەبوونەو پارەو یارمەتیشیان لە هیچ لایەنێك وەرنەگرتووە،

کۆمەڵەیەکی بانگەواز بوونە نەك حیزبێکی سیاسی ، بەڵکو باوڕیان بە دامەزراندنی حیزبیش هەر نەبووە، کاتێکیش لە سەرەتای درووست بوونیان هەستیان بەوە کرد یەکێك لە دامەزرێنەرەکانیان جەماعەتەکەیان بەرەو کۆمەڵەی (الاخوان المسلمون) ی میسر ڕایان ئەکێشێت، یەکسەر فەسڵیان کرد، یان ناچاری دوور کەوتنەوەیان کرد لە خۆیان.

٥- جوهەیمان تەوەرەی سەرەکی ئەو جەماعەتە بوو کە هەمووان پێوەی وابەستە بوون، ئەو وابەستە بوونەش هەر وا لە خۆڕایی درووست نەبوو بوو، چونکە جوهەیمان بە شایەتی ئەوانەش کە لەگەڵی ناکۆك بوون و دواتر لێی جیابوونەوە، نموونەی ڕەوشتی جوان و خۆ ڕاگری و پشوو درێژی و گەڕان بە دوای بەڵگە و دینداری بووە، تەنانەت تەنها ناوی بەس بووە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی خۆبەخشی ئەو وڵاتە پەیوەندی پێوە بکەن بە مەبەستی فەرمان بە چاکە نەهی لە خراپە.

٦- لە مەسەلەی دیاری کردنی (محمد بن عبد الله القحطاني) وەکو مەهدی ئاخیر زەمان، جوهەیمان و هاوڕاکانی ئیجتیهادێك بوو کردیان وهەڵە بوون و ڕاستییان نەپێکا، هەڵەکانی تریشیان وەکو داگیر کردنی حەرەم بیناکردن بوو لەسەر ئەو هەڵەیە، بەڵام ئەوان وا دەردەکەوێت جگە لە جێبەجێکردنی فەرموودەکان دەربارەی مەهدی و بەیعەت پێدانی لە بنچینەداهیچ بەرنامەو مەبەستێکی تیکدەرانەیان نەبووە.

٧- له پرسی دەست گرتن بەسەر حەرەمدا ئەوان (متأول) بوون و ئیمانی تەواویان بەوە بوو قەحتانی مەهدییە وقیامەت نزیك بووەتەوەو تەنانەت کاتێك لەناو حەرەم بوون چاوەڕوانی ئەو سوپا بوون کە لە فەرموودەکاندا باسکراوە کە بەرەو کەعبە دێن و خوای گەورە بە ناخی زەوییاندا دەبات.لە یەکەم فەرمانەکانیشیدا بە چەکدارەکان کاتێك دابەشیان دەکاتە جێگەکانی خۆیان پێیان دەڵێت تەقە مەکەن تاکو تەقەتان لێ نەکرێت، حکومەتی سعودیەش ئەو شەڕەی لەسەر سەپێنرا و بە هیچ پێوەرێك نەیدەتوانی دەستەوسان بێت بەرانبەر ئەو کردەوە لە داگیرکردنی حەرەم، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە بۆچی کۆمەڵێك لە زانایانی بۆ گفتو گۆ کردن نەنارد لەگەڵیان ویەکسەر بەو شێوە مامەڵەی لەگەڵ کردن.

٨- هۆکاری ئەوەم بۆ ئاشکرا نەبوو نەشمتوانی تێبگەم؛ بۆچی جوهەیمان لە چوارەم ڕۆژی ڕووداوەکەدا، کاتێك (محمد القحطاني) کە گوایە مەهدییە کوژرا کە بە پێی فەرموودەکان ئەو نابێت لەوێدا بمرێت، بۆچی دوای ئەوەش جوهەیمان هەر بەردەوام بوو لەسەر شەڕ کردن و خۆی بە دەستەوە نەدا؟!

٩- ئەگەر چی ڕوداوی حەرەم ڕوداوێکی نەخوازراو بوو سعودیەی خستە هەڵویستێکی زۆر ناخۆشەوە، بەڵام هەندێك وەکو (أبو محمد المقدسي) پێیان وایە، ئەو ڕووداوە هەلێکی زێڕین بوو بۆ حکومەت هەڵکەوت بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵە لە نێو بدات، هەندێکی تریش بە دووری نازانن کە دەسەڵاتداران لەو پلانەی

ئەوان ئاگادار بوویێتن و ئاسانکاریان بۆ داگیر کردنی حەرەم بۆ کردبن بۆ ئەوەی بەهانەی لە ناوبردنیان لەسەرتاسەری وڵات دەست بکەوێت.

١٠- ئەوان لە دیدی خەڵکی و بگرە هەندێك لەو سوپایەش کە ئابڵۆقەی حەرەمی دابوو بە کەسانێکی موسوڵمانی وابەستە بە دینەوە ئەناسران، بۆیە شا خالد داوای فەتوای لە زانایان کرد بۆ شەڕکردن لە دژی ئەوان و کوشتنیان و دوا جار ٣٢ لە زانایانی سعودیە - کە ابن باز یشیان تێدا بوو - فەتوای ئەوەیان دا ئەوان خروجیان کردووە و پێویستە بکوژرێن.

١١- جوهەیمان وکۆمەڵەکەی خەوارج نەبوونە بەو واتای لەسەر بیروبۆچوونی خەواریجەکان بووبن، بەڵکو زۆر دووریش بوونە لە بیروباوەڕی ئەو تاقمە کە باوەڕیان بە فەرموودە نەبووەو نەفرەتیان لە هاوەڵان کردووەو بە تاوانی گەورە موسوڵمانیان کافر کردووە، بەڵام خروجیان لەسەر ئەو دەسەڵاتە کردووە کە زۆر بە ڕەخنە بوونە لێی و کێشەیان لەگەڵ دەسەڵاتدا کێشەیەکی شەرعی بووە و لەو ڕووەوە بووە کە ئەوان لە شەرعی ئیسلام لایان داوە، بە ڕای خۆیشم و ئەوەی تێگەیشتووم داگیرکردنیان بۆ حەرەم تەنها بۆ مەبەستی بە جیهێنانی بەیعەتدان بووە بە مەهدی کە بە بۆچوونی ئەوان بریتی بووە لە (محمد القحطاني).

بەڵام شێخ موقبیل وادعی پێی وایە جگە لە مەسەلەی بەیعەتدان بە مەهدی چەند هۆکارێکی تریش لە پشت داگیرکردنی حەرەمەوە وەستاوە، لەوانە:

* دژایەتی هەندێك زانا بۆ جوهەیمان و کۆمەڵەکەی، وەکو: ابن صالح و شیبة الحمد و ابن مزاحم، کە ئەوان خەڵکیان لە جوهەیمان و جەماعەتەکەی وریا دەکردەوەو قسەشیان بۆ هەڵدەبەستن.

* بێ ئینسافی دەسەڵاتی سعودیە لە گەڵ ئەو گەنجانەو ئازاردان و زیندان کردنیان و تەماشاکردنیان وەکو تاوانبار و لارێ و لادەر.

*تێکەڵ بوونی هەندێ گەنجی میسری لەگەڵیان و درووستکردنی کاریگەری لەسەریان.

* تێکچوونی کۆمەڵگەی سعودی و دوورکەوتنەوەیان لەشەرعی خوا کە بووە مایەی تورە بوونی ئەوان لەو واقیعە دوورە لە ڕوحی ئیسلام.

بابەتەکەم بەم پرسیارە کۆتایی پێ دەهێنم:

ئایا ئەوان – سەرەڕای هەموو شتێك – لە داگیرکردنی حەرەمدا ڕاست بوون یان هەڵە بوون؟ بێگومان هەڵە بوون، چونکە ئەوان:

* بوونە هۆکاری خوێن ڕشتن و خوێن ڕشتنیش لە ناو حەرەمدا قەدەغەیە وەکو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (لا یسفك فیها دم).

* چەکیان لە ناو حەرەمدا هەڵگرت و چەك هەڵگرتنیش لەناو حەرەمدا بە فەرموودەی صحیح حەرامە.

* پشتیان بە خەو بینین بەست بۆ مەسەلەی مەهدی و خەویش هیچ حوکمێکی شەرعی پێ جێگیر ناکرێت، تەعبیری ئەو خەوانەش وەکو شێخ مقبل ئەڵێت: یان وەسوەسەی شەیتان بووە، یان ئەوەیە قەحتانی لە سیرەو ڕەوشتیدا مەهدی بووە نەك خۆی بە ڕاستەوە مهدی بێت، چونکە شێخ موقبیل دەڵێت من خۆم قەحتانیم دەناسی و پیاوێك بوو خوا ناس و وابەستە بەشەرعی خوا، هەموو قورئانی لەبەر بوو ڕەحمەتی خوای لێبێت، بەڵام کەوتنە هەڵەوە.

ئەی حوکمیان لەسەر ئەو کردارەی کە کردیان چیە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش دیسان ئەچمەوە سەر وەڵامەکەی شێخ موقبیل هەم لەبەر ئەوەی ئەو زانایەکی گەورەیە و هەم لەبەر ئەوەی ئەوانی هەموویان بە شەخسی ناسیوەو لە زانیارییەوە قسە دەکات، ئەو

دەڵێت: حوکمی ئەوان ئەوەیە (بغاة) ن، واجبی حکومەتی سعودیەش ئەوەبوو کەسانی وەکو (ابن باز و ابن حمید) ی بناردایە قسەی لەگەڵ بکردنایەو بەبەڵگە قناعەتی پێ بکردنایە، هەر وەکو چۆن عەلی ڕەزای خوای لێبێت (ابن عباس) ی بۆ لای خەواریجەکان نارد و گفتوگۆی لەگەڵ کردن و ژمارەیەکی زۆری لی پەشیمان کردنەوە.

کە مادام بوغاتیش بن، دیل و بریندارییان ناکوژرێت و ژن و منالیان دەستگیر ناکرێت و، بە ڕای شێخ موقبیل یش – سەرەڕای ئەوەی کە هەڵە بوونە لە داگیرکردنی حەرەمدا – بەڵام ئەوان لە ڕۆژی قیامەتدا لەلای خوای گەورە حکومەتی سعودیە دادگایی دەکەن لەسەر ئەوەی بەسەریاندا هات.

ئەم نووسینەم بریتییە لە بە دواداچوون و دەرەنجامی خویندنەوەیەکی زۆر و گوێگرتن لە وانەو دیکۆمێنتاری و چاوپێکەوتنی زۆر لەسەر ئەو ڕووداوەو کۆمەلەی (الجماعة السلفية المحتسبة) بەتایبەت کەسایەتی یەکەمیان کە جوهەیمان بووە، هەوڵم داوە دادگەرانە و بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکم لەسەر بێت ئەنجامی بدەم، بۆیە نووسینەکەم تەنها هەوڵێکە، ئەگەر ڕاستیم پێکابێت ئەوە فەزڵ و چاکەی خوایە بەسەرمەوە، ئەگەریش تووشی نەپێکان و هەڵە بووبێتم ئەوە لە خۆم و لە

شەیتانەوەیە و هەرکێ هەڵەیەکم بۆ ڕاست بکاتەوە بە بەڵگە لێی وەردەگرم و سوپاسیشی دەکەم.

تێبینی: سەرچاوەکانم بۆ نووسینی ئەم بابەتە هەمە جۆر بوون، قسەی دوست و دوژمنی جوهەیمان و جەماعەتەکەیم خوێندەوە و گوێ بیستی بووم، بۆ نموونە:

– أيام مع جهيمان،كنت مع الجماعة السلفية المحتسبة، ناصر الحزيمي.

– المخرج من الفتنة، مقبل بن هادي الوادعي.

– جهيمان العتيبي: لو كنت أعلم الغيب لما قدت جماعتي بالسلاح داخل الحرم، مركز المسبار.

– حتى لا يعود جهيمان،توماس هيغهامر وستيفان .

– مقال:جهيمان بعد ٢٨ عاماً.. نهاية أسطورة/منصور النقيدان/ صحيفة ايلاف.

– چاوپێکەوتنێکی (أبو محمد المقدسي) لە یوتیوب کە بە وردی باس لە جوهەیمان و بزوتنەوەکەی دەکات.

– موحازەرەیەکی درێژی : فيصل قزار الجاسم بە ناونیشانی: حادثة جهيمان واقتحام الحرم

– دیدارێکی دەنگیی (محمد المسعري) باسی ڕووداوی حەرەم و جوهەیمان ئەکات.

– چاوپێکەوتنێکی (ناصر الحزيمي) لە کەناڵی الخليجية لە گەڵ عبد الله المديفر باسی پەیوەندی خۆی و کارکردنی لە گەڵ جوهەیمان دەکات.

– بەرنامەیەکی دەکیۆمینتاری کەناڵی بی بی سی دەربارەی جوهەیمان وڕوداوی حەرەم.

– تەنانەت ئەو بەرنامانەش کە کەناڵێکی وەکو (العربية) ی سەر بەسعودیة دەریکردووە تەماشام کرد بۆ ئەوەی وەکو وتم قسەی دۆست و دوژمنی جوهەیمان وەرگرم.(لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تر.

إحسان برهان الدين

١٥-١-٢٠١٨ سلێمانی